شیعر

# ژەنەراڵی خۆشەویستیی

محەمەد کوردۆ

سلێمانی

2008

کتێبی هەنار ژمارە (5)

ناوی کتێب: ژەنەراڵی خۆشەویستیی

بابەت: شیعر

نووسەر: محەمەد کوردۆ

تایپ و هەڵەچنی: نووسەر

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد

مۆتیڤ: فەیسەڵ مەنسور

لای من ئەوە گرنگ نییە شیعر درێژ بێت یان کورت؟ سادە بێت یان ئاڵۆز، کێش‌و سەروای هەبێت یان نا؟ بایەخ بەکێشە گەورەکان بدات یان بەکێشە بچووکەکان؟ گرنگ ئەوەیە شعرییەت‌و تایبەتمەندیی بوونیان هەبێت. روونتر بڵێم: لای من گرنگترین خاڵ لەشیعردا ئەوەیە دوای خوێندنەوەی، یەکەم: هەستبکەیت شیعرت خوێندۆتەوە، دووەم هەستبکەیت شیعری کێت خوێندۆتەوە؟ شاعیری سەرکەوتوو ئەوەنییە کە چاو دەبڕێتە کۆشکی رازاوەی شاعیرانی پێش خۆی، یان شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، بەڵکو ئەوەیە کە بیر لەکۆشکێکی تایبەت بەخۆی، یان هیچ نەبێت بیر لەکوخێکی تایبەت بەخۆی دەکاتەوە. شاعیری سەرکەوتوو خۆڵی خۆی بەزەعفەرانی خەڵك ناگۆڕێتەوە!

کوردۆ

کتێبی ژیان بەچیرۆکی ژن و پیاوێك لەباخێکدا دەستپێدەکات!

ئۆسکار وایلد

لەدڵی مرۆڤدا دەزوو هەیە، هەر ئەوەندە باشە ئەو دەزووانە نەلەرێنەوە!

چارلز دیکنز

زۆرجار کە ئێواران دێ
هەر لە خۆمەوە
هەست بە خەمبارییەکی زۆر دەکەم
هەستدەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی
لە ئاوی روباران دێ،
هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
لە لەرینەوەی داران دێ،
حەسرەتەکانی مرۆڤم بیردەخەنەوە
هەوڵدەدەم
حەسرەتەکان بژمێرم
نائومێدیی گاڵتەم پێدەکا:
)کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ
لە ژماران دێ؟!).
زۆرجاریش هەستدەکەم
لەگەڵ هەڵکردنی بای ئێوارەدا
دەنگی وردوخاشبوونی
دڵی دڵداران دێ!
بەڵام ئەم ئێوارەیە
کە پایز ئاوی کردۆتە ژێر هاوینەوە
من زۆر دڵم خۆشە
چونکە لەناو خۆمدا:
بۆنی هەناسەی تۆو
لەناو ماڵەکەمدا:

بۆنی بەختەوەرییو

لەدەرەوەش:

بۆنی تەڕی باران دێ!!

تا رۆژی حەشر

چاوەڕوانی لێبوردنی تۆم

دڵی من چرایەك بوو

لەناو تەنیاییەکی کوشندەدا

خەریکبوو دەکوژایەوە!

بەر لەکوژانەوەی بەچەند چرکەیەك

دڵی ژنێکی میهرەبان

هات بەهانایەوە!

منو ئەو ژنە میهرەبانە

رۆژگارێکی خۆشمان پێکەوە گوزەراند

تا ئەو پەڕی دڵکرانەوە

دڵمان بەیەکتر دەکرایەوە!

رۆژێکیان من هەڵەیەکم کرد

چڵێك لە دارە ناسكەكەی دڵی ئەو

كە دیار بوو پێش منیش شكێنرابوو

بەو هەڵەیەی من كردم، شكایەوە!

ژنە میهرەبانەكە رەنجا..و

دڵی من بەجۆرێك

كەوتە ناو دۆزەخی پەشیمانیی

كە لەجیاتی فرمێسك

خوێنو زوخاو

لەچاوی چكایەوە!

دڵی من زۆر خەمناكانە

بەژنە میهرەبانەكەی وت:

هەتا رۆژی حەشر

من هەر چاوەڕوانی لێبوردنی تۆ دەكەم

ئاخ بەڵام ژنە میهرەبانەكە رۆیشتو

بەهیچ جۆرێك

هیچ وەڵامێكی دڵی منی نەدایەوە!!

ژنێك، (با) پرچی تا تا دەكاتەوە

لەناو ئاپۆرەیەكی گەورەدا

كە پڕە لە ژاوەژاو

ژنێكی دڵنشین

هێدی هێدی دەڕواو

كزەبایەكی خەمگین

پرچی تا تا دەكاتەوە..

كاتێ بە تەنیشتی مندا تێدەپەڕێت

وەك ئەوەی ئاگای لە دڵم بێت

كەچۆن لە خۆشی ئەو

خەریكە دەبێتە ئاو

چەند جارێك لادەكاتەوە!

لەناو خەیاڵی مندا:

دڵی ئەو دەبێتە كیژۆڵەیەكی نەشمیلانە

دڵی خۆشم

كوڕیژگەیەكی قژخاو

هێشتا دڵی من

بە تەواوی لەدەرگای نەداوە

دڵی بێئۆقرەی ئەو،

دەرگا دەكاتەوە!

دڵی من داوای ماچ دەكاتو

دڵی ئەو گوێی خۆی لێدەخەوێنێت

دڵی من وەكو شێت

خێرا خێرا،

داوا دەکاتەوە**!**

دڵی ئەو زۆر زۆر مندڵانە

تا ئەوسەری بەرائەت هەڵدێت

لەوێ دەترسێت ون بێت

زۆر بەپەلەو پڕتاو

بەرەو لای دڵی من رادەکاتەوە.

باوەش دەکەن بەیەکتردا

ئەمجارەیان

دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین

دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو

ئەوەتانێ ئێستاش

دڵی ئەو لە باوەشی دڵی مندایەو

کزەباکەش بەردەوام

پرچی تا تا دەکاتەوە**!!**

## ژنێك، كەدەمزانی ئێوارانێك دێت

ئێستا،
شەو سەری هەموو دەنگەكانی
لە خەنەی خامۆشیی گرتووە
كەچی لەقوڵایی مندا
دەنگی خۆش-ی نەی دێ!
ئێستا،
هەرچی باخی گەورەی شار هەیە،
خەویان لێكەوتووە
كەچی لەناوەوەی مندا
چپە چپی دڵنشینی
قۆخو
بەهێو
بەی دێ!

ئێستا،

دیکتاتۆریەتی تاریکیی

هەموو شوێنەکانی ترساندووە

کەچی دیوە نادیارەکەی من

بووە بە حەشاماتێك،

تیایدا:

روناکی دەچریسکێتەوە

روناکی دەبریسکێتەوە

روناکی جمەی دێ!

راستیەکەی،

من دەمێك بوو پێموابوو

ئێوارانێ، ژنێك

دێتو لەژێر ترپەی پێیدا

زەمین دەچێتە نێو خەونەوە

زەمین لەخۆشی هاتنی ئەو

بۆنی بەختەوەریی

لەخۆیو لە هەناسەی دێ!

زۆر دەمێك بوو پێموابوو

ئەو ژنە دێتو

هەموو گەمەکانی ناوەوەی من قڵپدەکاتەوە

بەڵام قەت قەت

نەمدەزانی ناوی چییەو

نەمدەزانی خەڵکی کوێیەو

هەرگیزیش دڵنیا نەبووم، کەی دێ؟!

ژنێك كه نه‌مده‌زانی كێ بوو؟

ڕۆژێكیان چاوم لێبوو

شاژنێكی نازه‌نین

كه نه ناویم ده‌زانی..و

نه ئاینیم ده‌ناسی..و

نه ده‌مزانی كێ بوو؟

چووه دوكانی ئاوێنه‌فرۆشێكه‌وه

من له‌خۆشی ئه‌و ژنه

زۆر له خودا پاڕامه‌وه

تاكردمی به ئاوێنه‌یه‌كی گه‌وره

له‌و جۆره ئاوێنانه‌ی كه‌هه‌ستمكرد ژنه‌كه حه‌زی لێبوو

منی کڕیو

لەگەڵ خۆیدا بردمیەوە بۆ ماڵێ

لە دوای تاوێك بینیم

بەدەم گۆرانی وتنەوە

سەرگەرمی هەڵپەڕكێ بوو

پاشان هات لەبەردەمی مندا

خۆی رووتو قووت كردەوە

كە جەستەیم بینی هەستمكرد

بەشی تەمەنێك نازو

جوانیو ژنێتی پێبوو

وەختێ چرای مەمكەكانی

لەپڕ چریسكانەوە

من لە خۆشیدا

درزێكی بچكۆلانەم تێبوو

ئای خودایە چەند سەیرە!

ئەم هەموو ماجەرایە

لەسەر دەستی ژنێك روویدا

كە من هێشتا

نە ناویم دەزانی..و

نە ئاینیم دەناسی..و

نەدەمزانی كێ بوو؟!

قژی ژنێکی نازدار

لەئێوارەی رۆژێکی بەهاردا

خوێنم کەوتە قوڵپدانو

بووم بە پەپولەیەکی سەرگەردانو

تا ماندوو بووم

سوڕامەوە بەناو شاردا

دڵم ئۆقرەی نەگرت

فڕیم

فڕیم

تا لەو دەشتو دەرانە

خۆمکرد بەناو قژی ژنێکی نازداردا

منداڵێك هات

ویستی هەڵمفڕێنێ

ژنەکە لەنەغمەیەکی خەمباردا

بە منداڵەکەی وت:

))نەکەی!

کێ دەڵێ روحی پیاوێکی سەرگەردان نییە

کە لە وڵاتێکی پڕ ئازاردا

پەناگەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە

تاوێك خۆی تێدا حەشاردا؟)).

ئەو ژنە چەند میهرەبان بوو

ئەو چرکەساتەش ئەوەندە جوان بوو

کە خۆم بینی

پەپولە بووم

لەناو قژی ژنێکی نازداردا!!

خوێنی گەشی پیاوێکی سەودازەدە

ئەم گەردوونە لە دێوێك دەچێ
کەوتبێتە ناو تۆڕێکی گەورەی
خەمو پەژارەوە..
مرۆڤەکان،
پاڵەوانی نێو خەونە ئاڵۆزەکانی ئەون
تا جارێك دەگەنە بەردەمی روناکایی
بەدەیان جار،
تووڕهەڵدەدرێنە کەنارەوە!
ئەم دێوە ترسناکە
کاتێك خەونی ناخۆش دەبینێ

تووڕە دەبێ

کە تووڕە بوو

بەدەم هاوارەوە

پەلاماری روحی مرۆڤەکان دەداتو

لەگەڵ خۆی دەیانباتو

دەیانخاتە

ناو ئەشکەنجەو ئازارەوە!

لێرەوەیە کە مرۆڤەکان

هەوڵی خۆکوشتن دەدەن:

هەیانە خۆی دەسوتێنێ

هەیانە خۆی دەخنکێنێ

هەشیانە خۆی هەڵدەواسێ بەدارەوە!

بەڵام من بڕیارم داوە

لەناو سینگو مەمکی ژنێکدا

خوێنی خۆم بڕێژم

چونکە زۆر زۆر دەمێکە

حەزم لە تابلۆیەکە،

تیایدا:

خوێنی گەشی پیاوێکی سەودازەدە

دڵۆپ دڵۆپ

بەگۆی قاوەیی مەمکی ژنێکدا

بچکێتە خوارەوە!!

هەرێمێکی یاساخ

بیرتە شەوێکیان بەخەمەوە
نامەیەکت بۆ نوسیبووم:
))کوانێ ئەو هاوسەفەرەی

که بڕیار بوو

خۆی بەدڵم ببەخشێتەو

میدالیای خۆشەویستییەکی مەزن

بکاتە یەخەمەوە؟!)).

منیش بۆم نوسیبووی:

))هیچ مەکە هیچ

تەنها ناو دڵی خۆتی بۆ بگەڕێ))

کە گەڕایتەو

منت لەناو دڵی خۆتدا بینی

دەستت خستە سەر مەمکە بۆنخۆشەکانتەو

وتت گوجیلەکەم

هەر کاتێ لەباخی دڵم بێتاقەت بووی

وەرە ناو ئەم دوو باخەمەوە!

وتت گوجیلەکەم

منیش وەکو زۆرینەی ژنەکانی ئەم وڵاتە

خاوەنی هەرێمێکی یاساخم

بەڵام تۆ بەبێ دوودڵیی

بۆت هەیە بچیتە کونج بەکونجی

ئەو هەرێمە یاساخەمەوە!!

چەند خۆشە ئێستا وەکو پیاوێکی مەست

لەنێوانی مەمكەو هەرێمە یاساخەکەتدا

خەونی دوور دەبینمەو

هێدی هێدی

ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت

ژەنەراڵی خۆشەویستیی

ڕۆژگار گورزبەدەستێکی دڵڕەق بوو
لەچەند ساڵێکی کەمی
عومرێکی نازەنیندا،
چەندین گورزی
جەرگبڕی لێوەشانم!
چەندین خەونی
لەناو چاوەکانمدا کوشتو
لەچەندین چرکەساتی شیریندا،
دڵە پەرێشانەکەی ئێشانم!
بەڵام ژیان
هەرگیز خاڵی نییە لەجوانی

لەئێوارەیەکی دڵنشیندا،

ژنێکی دەم بەپێکەنین

دەستی خستە نێو دەستمەوەو

وەکو دارێك، روحی راوەشانم!

کۆمەڵە گەڵایەکی

لەشێوەی چەند ئەستێرەیەکی زیویندا،

رژانە سەرشانم!

وتی: ((ئەگەر شیعر

حەمە عومەر عوسمانی

کردووە بەژەنەراڵی پایز

من تۆ دەکەم بەژەنەراڵی خۆشەویستیی)).

بەڵێ هەر لەو ئێوارەیەوە

)ژەنەراڵی خۆشەویستیی)

بووە بە نازناو..و

ناو..و

ناونیشانم!!

## چاوەڕوانیی

چاوەڕوانیی زۆر سەختە
وەکو ئەوە وایە
بەسەر جۆلانەیەکی ئاگرییەنەوە
دڵت قوڵپ بداتو
ناچار بیت جۆلانیی بکەیت!
چاوەڕوانیی زۆر سەختە
وەکو ئەوە وایە
شمشێری جەلادێك
لەگەردنت نزیك بووبێتەوەو
تۆش خەیاڵی میهرەبانیی بکەیت!
چاوەڕوانیی زۆر سەختە
وەکو ئەوە وایە
لەیەکێك لە زیندانەکانی سنەدا
حەوت دەرگات لێ کڵۆم درابێتو
تاسەی سلێمانیی بکەیت!
تەنهاو تەنها
یەك شت هەیە لە چاوەڕوانی سەختتر
ئەویش ئەوەیە:
کەسێك لە ژیانتدا نەبێت

چاوەڕوانی بکەیت!

## نەمریی

مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە

بەسەر شانی خەیاڵەوە

بەرەو نەمریی دەڕوات

وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ!

هەیە هەر لەسەرەتا..و

هەیە لەناوەڕاست..و

هەشە لە کۆتایی ڕێ، دەڕژێ!

کەسمان لەم رژانە

گومانێکمان نەماوە

بەڵام کاتەکان نازانین،

نازانین ئەمڕۆ کێ..و

سبەینێ کێ..و

دوو سبەینێش کێ، دەڕژێ؟

مرۆڤ چەند بەدبەختە

لەوەتی هاتۆتە سەر زەوی

وەکو ئاوی ناو گۆزەیەك

کە بەسەر شانی خەیاڵەوە

بەرەو نەمریی دەڕوات

ئاەو حەسرەتی تێدەڕژێ!

وەرە

ژنە میهرەبانەکەی ناو خوێنم

وەرە..

با منو تۆ

واز لەخەونی نەمریی بێنین

با بڕوا بەو راستییە سادەیە بێنین

کە نەمریی شتێك نییە

جگە لەو چرکەساتانەی تیایاندا

دڵمان بەختەوەریی لێدەڕژێ!!

# جەژن

بەیانیانێ

تۆ لە نامەیەکدا بۆت نوسیبوم:

جەژنت لێ پیرۆزبێت

منیش وتم کوانێ

ئەمە کەی جەژنی ئێمەیە؟

-ئەی جەژنی ئێمە کامەیە؟

-ئەوەیە ئێوارانێ

تۆ بێیتو ئیتر نەڕۆیتەوە

بەیەکەوە ماڵێکی بچکۆلانە

بۆ خۆمان بکەین بە نیشتمانێ

لەو نیشتمانەدا

من بەوێنەی منداڵێك

کە پێشتر نازی بەخۆیەوە نەبینیوە،

کە هیچ شتێك،

لە ئادابی نازکردن نازانێ...

بەردەوام داوای ماچت لێبکەمو

تۆش بەردەوام بڵێی هانێ!!

مەرگ و ئەوین

مرۆڤ شوشەیەکی بلورینە

هەر ئەوەندە مەرگ

تێپەڕبێت بەلایدا، دەشکێ!

مرۆڤ چڵە دارێکی خەمگینە

ئەگەر مەرگ

بەگاڵتەش بایدا، دەشکێ!

تاکە پەناگەیەك

کە مرۆڤ هانای بۆ ببات ئەوینە

ئەوین،

تاکە شوێنی سەر رووی زەمینە

کە ترسی مەرگ

لەپەنایدا، دەشکێ!

رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ

مرۆڤ زۆرجار هەستدەکات:

مەرگی راستەقینەی ئەو کاتەیە

کە لەئەوین نائومێد دەبێتو

دڵی تیایدا دەشکێ!

## مرۆڤ

مرۆڤ بوونەوەرێکی داماوە
لەسەرانسەری دنیادا،
بەخەمو نەهامەتیی
چوار دەوری گیراوەو
هیچ هێزێکی راستەقینەش
بەڕاستی دالْدەی نادا!!
مرۆڤ گوڵە هێرۆیەکی ترساوە
لەناو چنگی بادا،
هەڵدەوەرێو
لەناودەچێو
دەڕژێ بەملاو لادا!!

مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە

رۆژانێکی زۆرو

ساڵانێکی زۆرو

تەمەنێکی تەواو

چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەك دەکات

پەردەی لەسەر لادا!!

مرۆڤ دەنکێك (هێل)ی حەپەساوە

دەکوڵێ لەناو چادا

بۆنی بڵاودەبێتەوە

تامی بڵاودەبێتەوە

بەڵام هەرگیز

قوڵپە قوڵپی ناو دڵی نابینرێو

هیچ دڵسۆزێکی راستەقینەش

بەڕاستی گوێی پێنادا!!

پیاوێك لە گژوگیاو درەختەکان پاڕایەوە

ئەمڕۆ ڕووداوێکی زۆر سەیرم بینی:

نازانم ڕاست بوو یان درۆ بوو؟!

پیاوێك لە ناو مێرگوزارێکدا

سەرگەرمی گۆرانی چڕین و

پیاسەو

هات و چۆ بوو!

لە پڕێکدا ژنێك دەرکەوت

کە دیاربوو پیاوەکە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد

ژنەکە لە تووڕەییدا

سەری وەك تەنوور و

چاوی چوون پشکۆ بوو!

لە پیاوەکە چووە پێشێ و

چەقۆیەکی دایەدەستی و

وتی:

دەی سەری خۆت بپەڕێنە!

پیاوەکە

کە نەیدەزانی ژنەکە لەچی تووڕە بووە

سەری خۆی پەڕاند و

هێشتا سەری هەر هۆشی بەخۆ بوو!

لەگژو گیاو

درەختەکان پاڕایەوە،

وتی:

ئەگەر ژنێکی پشتکۆماوەی داماو،

هات پرسیاری لێکردن...

توخوا

توخوا

توخوا

نەك لەتاوا دڵی ڕابوەستێ

مەڵێن ئەوەی کە سەری خۆی پەڕاند

کوڕە سەرگەردانەکەی تۆ بوو!!

# دزترین ژنی دنیا

لەو رۆژانەدا ژنێك
ئاخ نازانم چی بوو؟
لەپشتی چەندین چیای کەڵەگەتەوە
بۆنی تەنیایی من چووبوو بەگژیا
چریسکانەوەی خەمو
داگیرسانی
برینە دەنوکئاڵەکانی منی دی بوو!
هات،
بزەیەکی وەك بزەی منداڵەکان
لەلێویداو

بەرگێکی وەك بەرگی دیکتاتۆرەکانی

پۆشی بوو

بە نوکی دووان لە پەنجە شمشاڵییەکانی

فەرمانی پێکردم لەگەڵیدا بڕۆم

بردمیە نێو بەهەشتێکەوە

قەت ئادەم نەیدیبوو!

تێر تێر ماچی کردم

تێر تێر ماچی دامێ

دوای ئەوەی لێکجیابووینەوە زانیم

ئەو ژنە دزترین ژن بوو لە دنیادا

هەرچی خەمو

تەنیاییو

برین بە گیانمەوە چریسکابوونەوە

هەر هەمووی دزی بوو!

# ژنێکی باڵدار

ئەمشەو خەونێکی زۆر خۆشم بینی
ئێستاش پەرێشانم بۆی
لە خەونەکەمدا ژنێك
لە شێوەی باڵدارێکدا
لەشوێنێکی زۆر دوورەوە هاتو
منی برد لەگەڵ خۆی
لەناو مێرگوزارێکدا
پیاوێکی پێشاندام
سەرگەرمی سەماو سووتان بوو
وتی ئەو پیاوەی کوشتەی دەستی رۆتینەو
خەڵك بەتۆی دەزانن، تۆ نیت
ئائەمە تۆی..
ژنەکە زۆر زۆری پەلە بوو
دوای ئەوەی خۆمی بۆ دۆزیمەوە
چەند ماچێکی دامێو
پڕی کردم لە شیعرو
لەشەقەی باڵی داو رۆی..!

ئەم بەیانییە کاتێ لە خەو هەستام

نازانم کڵپەی کام ئاگری دوور لێیدابووم؟

تەماشایەکی قوڵی نێو دڵی خۆمم کرد

دڵی ژنێکی تەنیا

کێڵگەیەکی سەوزی

پڕ خۆزگەو

پڕ بریا بووم

قوڵتر تەماشام کرد

زۆرجاران وەکو چاوە ترساوەکانی ئەم وڵاتە

خەمگین

خەمگین

بەدیار خۆمەوە گریابووم

لەوەش قوڵتر روانیم

بینیم جوانترین چرکەساتەکانی نێو دڵم

ئەو چرکەساتانە بوون

کە تیایاندا

بەهەموو هێزی خۆمەوە

سەرقاڵی ئاوەدانکرنەوەی

دڵی ژنێکی تەنیا بووم!!

# ژنێکی نەناسیاو

دوای ئەوەی بەشێکی زۆرم
لەتەمەنی خۆم
بە تەنیاییو بەخەمناکییو
بەبێمانایی تەواو کرد
رۆژێکیان هەر لەخۆمەوە
تا رادەی شەیدابوون
حەزم بەناسینی
ژنێکی نەناسیاو کرد
ئەو ژنە نەمزانی چی بوو؟
تێنەگەیشتم چۆن توانی
لەماوەیەکی زۆر کورتدا
ژیانمی پڕ لە ژیانو
گیانمی پڕ لە عیشقو
شیعرەکانمی
پڕ لەگۆرانیو گوڵاو کرد!
ئای من ئێستا دەزانم
ئەو رۆژە چەند رۆژێکی مەزن بوو؟
کە تیایدا
حەزم بە ناسینی
ژنێکی نەناسیاو کرد !

ژنێك له روناكیی

لەنێو ئەم شەوە خەمگینەدا

كە دەڵێی

بێوەژنێكی حەپەساوە!

بێوەژنێك

تاریكی لە هەموو لایەكەوە

پەلاماری داوە!

زۆر سەیرە

من لە دارتێلێك دەچم

نەك بە تەنها دڵە گڵۆپەکەم

هەموو گیانم داگیرساوە!

دەڵێن:

لەپشتی هەموو پیاوێکی روناکەوە

ژنێك هەیە.

ئای خۆزگە دەمزانی

ئەو ژنە جادوگەرەی

لە پشتی منەوە وەستاوە،

ئەم هەموو روناکییە دڵنشینەی

چۆن چۆنی کۆکردۆتەوەو

بە کام گالیسکەی ئەفسانەیی‌و

لەکام شاری خەونەوەی هێناوە؟!

## نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم؟!

ژیان وێستگەیەکی دڵتەنگە
هەموو دەمەو ئێوارانێ
من چاوەڕێ دەکەم
دەڵێم دێت و
داوای دەستە میهرەبانەکانی لێدەکەم
دەیانخەمە سەر دڵم تامناڵا دەبمەوە
ئینجا وڕکی لێدەگرم و
گێچەڵی پێدەکەم
لەناو قژ و
لەبەینی مەمکە بۆنخۆشەکانیدا
تێر چاوشارکێ دەکەم
ئای بەڵام هەمووجارێ
شەو دادێت و
کەس دیارنیە و
منیش نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم؟!

وێنەکانی ناوچاوم

له ئێوارەیەکی خەمگینا

ژنێك

لەشێوەی فریشتەیەکی نازەنینا

پرچی بەسەر شانیا شاباش کرد

بەدڵێکی لێوانلێو لەسۆز و میهرەوە

دەستی خستە ناو دەستم و

پەنجەکانمی

پڕ لەئێوارە باشکرد

بەبۆنی گۆی مەمکەکانی

دڵمی وەك لیمۆی حەپەساو

قاش قاشکرد

بەرلەوەی بڵێم ماڵئاوا

سەرنجێکی ئەفسووناوی تێگرتم

هەرچی وێنەی ژنی جوان لەناو چاومابوو

**هەمووی وردوخاش کرد!!**

نیشتمان

ئێمە دوو مرۆی پڕ سووتانین

خەڵك سەرقاڵی كۆكردنەوەی ماڵا و

ئێمە هەڵوەدای ڕاوكردنی

چەند چركەساتێكی جوانین

خەڵك شپرزەی ئیشی بەیانیان و

ئێمە وێڵی

پیاسەی

ئێوارانین!

دەڵێن:

ماڵا نیشتمانێکی بچکۆلانەیە

ئێمە ماڵێکمان نییە

پێکەوە کۆمان بکاتەوە

ئای من ئێستا دەزانم

ئێمەی خەڵکانی رۆژهەڵات

چەن بێنیشتمانین!!

ژیربوونەوە

نیشتمانەکەم گریا

بەحیکایەتێکی ئەفسانەیی و

بەچەن بەڵێنێکی درۆ ژێر بۆوە

کتێبخانەکەم گریا

بەدیوانێکی ئەدۆنیس و

بەرۆمانێکی ڤیکتۆر هۆگۆ ژێربۆوە

مناڵەکەم گریا

بەفیلمێکی ڤاندام و

بەوێنەیەکی رۆناڵدۆ ژێربۆوە

دڵم گریا

هەر گریا و

هەر گریا

هەرچیم بۆ هێنا بێسوود بوو

سەرەنجام

لای دڵە میهرەبانەکەی تۆ ژیربۆوە!

# دار

لەناو هەموو دارەکانی ئەم وڵاتەدا

دارێکی نەشمیل چاو دەدەم

دەیکەم بەتۆو

لەبری مەمکە نازەنینەکانت

بەگەڵا نازدارەکانی ئەو

دڵ و

گیان و

بوونم زاخاو دەدەم

هەرکاتێکیش هەستم کرد

دووریت زۆری بۆ هێناوم

وەك کەسێك

سرووتێکی ئایینی جێبەجێ بکات

تێر تێر دارەکە ئاو دەدەم !

دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەك

لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزەدا
کە لێوانلێوە لەپەستی...
من دوای خەونێك کەوتووم
لەپڕ ونم دەکات
پاش ماندووبوونێکی زۆر
ڕێگایەك دەدۆزمەوەو
وەکو منداڵێکی حەپەساو،
دەستی خۆم دەدەمە دەستی...
دەمبات و
دەمبات و
دەمبات
لەبەردەمی ژنێکدا دامدەنێت
بەچاوی شەیدا و مەستی
وەکو پاشایەکی تووڕە
فرمانم پێدەکات
پێموایە پێمدەڵێت:
دەبێ هەر ئێستا هەستی...
بەرگی خەمناکیی فڕێدەیت.
لەگەڵ مندا،
شایی و هەڵپەڕکێ دابەستی...
ئای چەن خۆشە
هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژندا؟!

وای چەن خۆشە

هەتا دنیا دنیایە

لە شایی و هەڵپەڕكێدا بیت

بۆ یەك چركە چیە

تەنها یەك چركەیەك،

نەتوانی راوەستی...!!

خەونێك ونم دەكات

رێگایەك دەمدۆزێتەوەو

وەكو منداڵێكی ئاسودە

دەستی خۆم دەدەمە دەستی...!!

## رازی عیشق

ئەم دیوارانەی ئەم ماڵە

کە لەبەردو چیمەنتۆ دروستکراون

زۆر زۆر لە من منداڵترن

کەچی لەزۆر لاوە روخاون

چڵەکانی ئەو دارەی ئەو قەد یاڵە

زۆر زۆر

لە دەستەکانی من کەم ئەزیەت ترن

کەچی وەکو

پشتی پیرە پیاوێکی سەد ساڵە

چەماون!

دڵی كانیلەكانی

ئەم دەڤەرە سەر پڕ لەخەیاڵە

زۆر زۆر

لەدڵی من كەمتر شكاون

كەچی چاوە خەمگینەكانی ئەوان

هەمیشەو بەردەوام

پڕ ئاون!

من نەمزانی رازی ئەم كارە

لەكام دەریای بێبن دایە؟

تا شەوێكیان عەشق پێی وتم:

ئەوە لەسای سێبەری

میهرەبانییەكانی مندایە

كە تۆ خۆتو

زۆرێك لە ئەندامەكانی جەستەت

لەناو ئەو هەموو

تۆفانو نەهامەتیانەی

لە تەمەنتان ئاڵاون

هەتا ئێستا خۆتان راگرتووەو

وەك شاخ،

بەپێوە وەستاون!!

هەرچی دەشکێنی بیشکێنە

لێم زیز مەبە ئازیز گیان

لێم زیز مەبە!

من پیاوێکی تەنیام

هیچم نییە

ئەو تروسکەی ئەوینەی نێو دڵم نەبێ!

من دارێکی خەمگینی دنیام

تەنها دارم

لقو پۆپو چڵ-م نەبێ!

من ئەو باڵندە غەریبەم

کە ساڵانێکی زۆر،

بێ نیشتمان ژیام

ئێستا،

تۆم بۆ خۆم کردۆته نیشتمان

من نامەوێ چیدی

خاكو

ئاوو

گڵ-م نەبێ!

لێم زیز مەبه ئازیز گیان

لێم زیز مەبه!

بەشێکی زۆر له ژنانی ئەم وڵاته

شکاندنی دڵێکیان

له شکاندنی پەرداخێك لا ئاسانتره

تۆ وا مەبه!

هەرچی دەشکێنی بیشکێنه

تەنها دڵم نەبێ!!

لەساتێك لە ساتە نازەنینەکانی

یەکێك لە رۆژەکانی ساڵا

ژنێکی جوان،

لە شێوەی شاژنەکانی نێو ئەفسانەو

نێو خەونو نێو خەیاڵا

لە دوورەوە

زۆر زۆر لە دوورەوە

هاتو

بێئەوەی لە دەرگای کراوەی دڵم بدات

یەکسەر خۆی کرد بە ماڵا

وتی:

ئەی غەمگینترین پیاوی سەر ئەم گۆی زەمینە

تۆ کە لە وڵاتێکی بێ ئاڵا دەچیت

من بۆ خۆت بکە بە ئاڵا...

ئای چەند خۆش بوون ئەو دوو شەوەی

من لەو شاژنە ئاڵا بووم؟!

وای چەند جوان بوون ئەو دوو رۆژەی

من خاوەنی ئاڵا بووم؟!

وەلێ لە پڕ

ئاخ چەندێ لە پڕ

لە شێوەی شاژنەکانی نێو ئەفسانەو

نێو خەونو نێو خەیاڵا

ئەو رۆیشتو

بێئەوەی دەرگای کراوەی دڵم دابخاتەوە

منی بە تەنیا جێهێشتو

دەستەکانی لەکەمەری وڵاتێکی دی ئاڵا...

ئای من دواتر تێگەیشتم

چەند ناخۆشە وڵاتێك بیت بێ ئاڵا!!

ئێرەیی

وا پایز

بە سێبەرێکی زەردەوە

بەرەو ناو دڵی باخەکان

کەوتۆتە رێ

لە باخێکدا دانیشتووم

دەبینم رەشەبایەك

بەناو دارەکاندا دەگەڕێ

دەست بۆ مەمکە گەڵاکانیان دەباو

مەمکە گەڵاکانیان هەڵدەوەرێ

ئەو خۆی پەستەو

منیش دەبینێ

لەگەڵ تۆ بە مۆبایل

قسە دەکەم

ئێرەیی دەیگرێ

-کوردۆ ئەو خشەخشە چیە

-هیچ تێناگەم؟

ئەوە رەشەباکەیە

دەیەوێ لەداخانا

مۆبایلەکەم بەرێ!!

## من بە شیرییش هەر پیاو بووم

من سەرەتا

بەرلەوەی پیاوێك بم وەك ئێستا

دڵۆپێك شیری هەڵبزوڕكاو بووم

ئێوارانێكی خەمناك

لەگۆی مەمكی ژیان بەربوومەوەو

تێكەڵاوی

چنگێك خۆڵی ترساو بووم

خەونم بینیو

خەونم بینیو

خەونم بینی

لە ناو خەونەكانمدا:

چرایەكی بچكۆلانەی داگیرساو بووم

ژنێك دڵی بە من دەكرایەوە

روناكییە كزەكەی من

دڵی ئەوی دەدایەوە

من لەناو دڵی ئەو ژنەدا

گەرمو

گەورەو

روناك وەك هەتاو بووم

چەندێ سەیرە

پیاو نەك بۆنی شیری خاوی لێبێ

هێشتا خۆی هەر شیرە

كە خەون بە ژنەوە دەبینێ

من ئێستا تێدەگەم

ئەو كاتەی شیریش بووم

هەر پیاو بووم!!

# تەوقە

دەزانی کاتێ تەوقە دەکەین

لێوم لەنێو پەنجەکانمدایەو

لەڕێی پەنجە نازەنینەکانتەوە

ماچبارانت دەکەم؟

دەزانی هەموو جارێ

دەسنوێژەکەت دەشکێنمەو

فێری نوێژی

بێ دەسنوێژی

دڵدارانت دەکەم؟

دەزانی کە زۆر تەنیا دەبم

تاسەی تەوقەو

دەستگوشینی

دەمەو ئێوارانت دەکەم؟

ئەی دەزانی

هەر کات دەرفەتێکم بۆ بلوێ

بەر لە هەموو شتێ

تێر تێر ماچی

دەستو پەنجەی

نیگارانت دەکەم؟

ئەوانەی شەو بەبێ عەشق سەردەنێنەوە

ئەی خوای مەزن!

ئاخۆ ئەوەی بەبێ عەشق دەژی

چۆنە ژینی؟

کێ لەشەوانی پڕ خەمدا

دەست دەخاتە نێو قژییەوەو

سینگی بە سینگییەوە دەنوسێنیێو

دەبێتە هاوسەرینی؟

ئەی خوای مەزن!

ئەوەی شەوان

بەبێ عەشق خەو دەیباتەوە

تۆ بەیانیان

بەکام خەیاڵی گەرمو گوڕەوە

لەخەوی هەڵدەسێنی؟

ئەی خوای مەزن!

ئاخۆ ئەگەر عەشق

گەرد بەگەردی

پیاوەتی منی دانەگیرساندایە

ئێستا لەم نیوە شەوەدا

لە جیاتی نوسینی ئەم شیعرە

خەوم بە ماشێنی جوانو

کۆشکو سەرای مەزنو

پارەی زۆرو زەبەندەوە نەدەبینی؟

خۆزگە ئەی خوای مەزن خۆزگە

رۆژێ لە رۆژان دەمزانی

ئەوەی شەوان

بەبێ عەشق سەردەنێتەوە

تۆ بەیانیان

بەکام خەیاڵی گەرمو گوڕەوە

لە خەوی هەڵدەسێنی؟!

## ڕۆژی حەشر

بیرتە عەسرێکی سەرگەردان
باسی ڕۆژی حەشرێکم بۆ کردی،
کە لە خەوندا بینیبووم
وتم لەو ڕۆژی حەشرەدا:
مردووە کۆنەکانی گۆڕستان
دڵی مردووە تازەکانیان دایەوە
ئەو رازو نهێنییە بێگەردانەی
هەڵم لە ماڵی دەریاکان دزی بووی
باران هێنایەوە
دارە غەریبەکەی سەر مەزاری مەولەوی
هەستی بەتەنیایی کرد
یەك پۆل کوکوختی میهرەبان
ڕۆیشتنە لایەوە

ژنە دڵگەرمەکانی وڵاتەکەم

هێشتا پرچە بۆنخۆشەکانیان لە دەنووکی کەو ئاڵتر بوو

سەریان لە خەنە نایەوە

فەرهاد بەرەو بێستوون رۆی

پێش پیرەژن

شیرین پرچی لە گوڵاو هەڵکێشا..و

گۆزەیەك ئاوی عیشقی بردو

چوو بەهانایەوە

شەم میوانێکی هات

بەخەیاڵی وەلی دێوانەوە

چی شیرینی لە دڵیا بوو

بۆی کردە ناو یەك پیاڵە چایەوە

حەبیبە هێشتا هەڵم لە پرچەکانی هەڵدەسا

وەك بۆنی نالی کردبێ

چیلکەو داری هێناو ئاوی لێنایەوە!

## جاران / ئێستا

جاران دەمووت
گوڵە بەرۆژەیەکم خەمبار
تەنیایی وەك
چۆلەکەیەکی هار
دەنك دەنك
هەڵمدەوەرێنێ
دڵم نیشانەیەکە نادیار
رۆژانە چەندین جار
چاوێك دەیشکێنێ
جاران دەمووت
دەستم دەستێکی پێویستە
بۆ پیاسەیەکی سەرچنار
نازانێ چۆن رووی لێنێ!!
بەڵام ئێستا
ئەوەتانێ فریشتەیەکی نازدار
بەیەك دنیا سۆزو میهرەوە دێت و
)لەگەڵ خۆی شادی دێنێ)*

*لە شیعرێکی هێمن وەرگیراوە.

باوكم له سه‌ره‌تای رێدا مرد

دڵم ته‌نگه

وه‌ك ئه‌و ئێواره خه‌مگینه‌ی

كه باوكمی تێدا مرد

باوكم پیاوێكی سیاچاره بوو

هه‌ر له سه‌ره‌تای رێدا مرد

دایکم لێرەدا

خەریکی ئامادەکردنی

چێشتی ئێوارە بوو

باوکم لەوێدا مرد!

دایکم بورایەوە

ژنێك وتی: دەمرێ!

ژنێکی دی

وتی: کوا کێ لە حەیبەتی کێدا مرد؟

ئەو ژنە راستیکرد

کەسمان لە حەیبەتی ئەودا نەمردین

بەڵام بۆ هەتا هەتایی

ئەو حەسرەتە رژایە نێو خوێنمانەوە

کە باوکم فریا نەکەوت

دڵی بەگەورەبوونی منداڵەکانی خۆش بێت

زۆر لەپڕو

هەر لەسەرەتای رێدا مرد!!

## لە چاوەڕوانیی هەڵوەریندا

## بۆ مەرگی برازای خۆشەویستم (هەرێز)

لەم ئێوارە دڵنشینەدا
کە سروشت، دەڵێی ژنێکی نازەنینە
ژنێك،
دەستو پەنجەی سەوز..و
پرچی زەرد..و
چاوەکانی شینە!
ژنێك،
سەری پڕ لە هەڵپەڕکێ..و
دڵی پڕ لە گۆرانی..و
دەمی پڕ لە پێکەنینە!
ئێمە نەك هەر دڵمان خۆش نییە
تا ئەو پەڕی غەمگینیی
دڵمان ماتو غەمگینە!
چونکە یەکێك

له گوڵه جوانه‌كانی نێو باخه بچوكه‌كه‌مان

خه‌ریكه ده‌ستی له ژیان ده‌ترازێ

ئه‌وه‌تا چاوی له‌سه‌ر ئێمه‌و

له‌سه‌ر هه‌موو شته‌كان لابردووه‌و

چركه له‌دوای چركه

چاوه‌ڕوانی هه‌ڵوه‌رینه‌!!

مردن پۆلیسێکی هاتوچۆیە

لەپڕا دڵەکان رادەگرێ

داوای مۆڵەتی هەناسەدان دەکاتو

لەگەڵ خۆی دەیباتو

بێباکانە رادەبرێ

مردن تاکە هاوڕێیە

هاوڕێیەکی دڵڕەق

کە ئەدرەسی هەموومانی پێیەو

لەدەرگای هەر کەسێکیشمان بدات

دەمرێ

مردن پیرەژنێکی چاوچنۆکە

کاتێ پریاسکەی جەستەمان

دەکەوێتە بەردەستی

وەك ئەوەی زێڕی دۆزیبێتەوە

خێرا

لە سندوقی خۆڵینەی گۆڕدا، هەڵیدەگرێ

مردن پیاوێکی پیلانگێڕە

هەمیشە پیلان لە ژیان دەگێڕێتو

بەردەوام بەدەستی ئەو

ژیان لەناو دەبرێ

ئەرێ تۆ بڵێی رۆژێك نەیەت

هێزێکی زۆر گەورە

مردنو ژیان پێکەوە ئاشتبکاتەوەو

ئەم يارييە ترسناكەو

پيرو هەزاران هەزار ساڵەيە، رابگرێ؟!

## خەوی مەرگ

پەڵە هەورێك حيلاندی

چەمێك سينگی خۆی رووت كردەوەو

مەمكەكانی سەمايان كرد

خەونم بەتۆوە دی

چاوەكانت بوون بەدوو دەرياچەو

دڵميان وەكو سێوێك بەرەو خوار لول دا

نەمزانی چاوەكانت بۆ وايان كرد؟

پۆلێ رێبواری سەرگەردان

رێيان كەوتە گوندێكی دڵشكاو

تاسەی سڵاوێکی گەرم و

لەتێك نانی تیری و

یەك پیاڵە چایان کرد

ئەرێ ئەم وڵاتە گوڵی لێ سەوز نابێ؟

ئەم وڵاتە یەك پارچە گوڵستان بوو

گوڵەکانی لەترسی شەڕی براکان رایان کرد..!

شەوێك لەناو مەرقەدێکی خەمناك مامەوە

بەردەکانی تا ئەو چرکەساتەی شەو خۆی کوشت

باسی مەرگەسات و

خەم و شەونخونی،

بونەوەری تەنیایان کرد

-ئەو ناڵە ناڵە چیبوو لەو قامیشەڵانەوە هەستا؟

-ئەوە شینی قامیشە بێوەژنەکان بوو

بۆ کۆچی (با)یان کرد

بەدووی دڵدارەکەمدا دەگەڕام، ون بووم

تاریکی دەستی گرتم و

لای پیرەدارێکی دانام

)با) پرچی پیرە دارەکەی راکێشاو

هەورەکان دایان کرد

لەماسیەکانی تانجەڕۆ تەڕتر بووم

جەستەم تاسەی ئاگرو

چاوەکانم تاسەی چرایان کرد

کەسێ نەبوو پێم بڵێ سەعات گەیشتوتە چەند؟

من خەوی مەرگم لێکەوت و

مەلاکان سەڵایان کرد..!

وێنە

بەداخەوە

خودایە

بە داخەوە!

لە هەموو سەردەمەکاندا

وێنەیەك دووبارە دەبێتەوە:

چەقۆیەك

لەنێو دەستێکی تووکندایەو

لە بەردەمیا:

دوو مەمکی خڕی حەپەساو

دڵۆپ

دڵۆپ

خوێنو ترسیان لێدەچۆڕێتەوە!!

چەند سەیرە

خودایە

چەند سەیرە!

هەموو پیاوەکان پێکەوە

لە وێنەیەکدا بەشدارن:

کاتێ نائومێدیی

هێرشیان بۆ دێنێ

بێ دوودڵیی

سەریان دەخەنە پاڵ

مەمکی ژنێکەوە!

چەند خۆشە

خودایە

چەند خۆشە!

ئەو ڕۆژەی کە منو

ئەو ژنە گەردن کەوە

لەناو هەموو وێنەکاندا:

مێژوومان تورِ هەڵداوەو

دەستمان لە ملی یەك وەرێناوەو

گەرمتر لە گشت بوونەوەرەکانی دنیا

چووینەتە باوەشی یەکەوە!!

## گۆڕستان

ئای دایە گیان دایە

تۆ هەموو جارێك دەتوت:

گۆڕستان،

بێ کێشەترین شوێنی دنیایە

کەچی من لەوەتەی هەم دەبینم:

ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە،

خوێنی لەبەر دەڕوات،

دەڵێی کانگای

هەموو خوێنی دنیایە!!

تۆ هەموو جارێك دەتوت

گۆڕستان ماڵی غەریبانە

کەچی ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە

رۆڵەکانی (خۆ)شی بۆ لە ئامێز ناگیرێ

ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە

تاکە ماڵی بێ (نوێن)ی دنیایە!!

سوپاسنامە

ئەی شاژنی شۆخ

مایەی بەختیارییم..

سوپاس بۆ چاوت

کە بەهەشتێکی

هەر لەسەر زەوی

کردۆتە دیارییم..

سوپاس بۆ دڵت

کە بوو بەکێڵگەو

رێگەی دام بە خوڕ

بەسەریا باریم..

سوپاس زۆر سوپاس

ئەی خەونی خۆشی

دنیای دڵدارییم!

نەمتوانیووە خۆم یەکلایی بکەمەوە

دەنگێکی دوور

لەو دیو چەندین چیای گەورەی پڕ تەمەوە

بانگم دەکات

دەنگێکی زۆر نازەنینە

دەنگی ژنێکی شیرینە

هێدی هێدی

دەڕژێتە ناو گوێچکەمەوە

سەرم دەبەستێ بە ژانو

پێم بە شەقاوی گرانو

دڵم بەداری خەمەوە

دەڵێ کوردۆ گیان بمبورە

ماڵی ئێوە

زۆر لە ماڵی ئێمە دوورە

من کە بەرگەی ئەم دوورییەم بۆ نەگیرا

لەخۆم پرسی:

بۆچی درۆی لەگەڵ بکەم؟

بۆچی بیگرم بەدەمەوە؟

خۆم سەربڕیو

تۆم سەربڕیو

دەرگایەکی دیکەم نەبوو بیکەمەوە!

هەر دەنگەکە لێم دەپرسێ:

کوردۆ ئێستا خەریکی چیت؟

منیش درۆی لەگەڵ ناکەم

دەڵێم دوای تۆ

بۆنی خۆشی ژنێکی شۆخ

رژایە ناو

دڵو

گیانو

سینەمەوە

ئەو دڵی خۆی داوە بە من

وەلێ من هێشتا هەر کاسو حەپەساوم

لە کۆستێکی دی ترساوم

نەمتوانیووە

خۆم یەکلایی بکەمەوە

نەمزانیووە

دڵی خۆم بدەم بەو ژنە

یان دڵی خۆی

بدەمەوە؟!

جیابوونەوە

من ئەو دڵە پڕ بەهایەم

کە هەمیشە

بەهاکانم ون دەکەمو

لای تۆ پڕ بەها دەبمەوە

ئەو شۆڕشە بێ ڕێگایەم

کە بەردەوام

لەناو قژتا تێکدەشکێمەوە

لەپاڵ گۆی مەمکەکانتدا

را دەبمەوە

من ئەو بایەم

کە هەمیشە

لە تەنیایی خۆم هەڵدێمەوە

تێکەڵاوی

تۆی دەربەندی با دەبمەوە

لە جیابوونەوەم دەترسی؟

لە جیابوونەوەم دەپرسی؟

کەی رۆژێ هات

لەسەرانسەری زەویدا

بوونەوەرێك توانی لەخۆی جیابێتەوە

منیش لە تۆ جیا دەبمەوە!!

تەفرە

ئەی ژن کاتێ

مانگ شەرەفی بەراوردی،

لەگەڵا تۆدا بەردەکەوێ...

ئاو دەزێتە هەموو گیانیو

)با) پەرچەمی شانە دەکاو

ژیانی لەسەر دەردەکەوێ!

مانگ کاتێ خۆی

لە تەنیشتی تۆ دەبینێ،

هێدی هێدی

گەورە دەبێو

باڵا دەکاو

بەرەو بەرزی سەردەکەوێ..!

ئەی ژن تۆ زۆر بەر لەئێستا

کەسێك بە مانگ تەفرەی داویو

وا ئێستا بۆت دەردەکەوێ..!

ئێستاش کەسێك

بەنیازە تەفرەت بدات

ئاگاداربە!

ئەگەر زۆر ئاگادار نەبیت

بەخەیاڵی بەهەشتێکی درۆینەوە

ئەم بەهەشتە راستینەیەت

گورزێکی زۆر جەرگبڕی بەردەکەوێ..!

ئاگاداربەو

کەمێك دان بەخۆتدا بگرە

جا دەبینی

تەفرەو درۆی

ئەو کەسەی وا

بەهەشتێکی درۆینەت بۆ دەهێنێ

چۆن لەسەرخۆو

هێدی هێدی دەردەکەوێ..!!

ناو

بەڵێ ئەوە بەڵێنم دا:

هەم بە خۆمو

هەم بەخوداو

هەم بەدڵی ترساوی تۆ

لای کەس ناوت نادرکێنم

بەڵام بە خوا

بە چاوی تۆ

ئەگەر بە حەزی خۆم بوایە

هێند بەکوڵ بانگم دەکردی

دارو بەردو

خاکو ئاوی ئەم وڵاتەم

شەڵاڵ دەکرد بە ناوی تۆ!!

## دیكتاتۆر

من هەرگیز نازانم تۆ چیت

زوو زوو خۆتم لێدەگۆڕی

جارێ مانگی بە تریفەو

جارێ ئەستێرەی پڕ ورشەو

جارێ خۆری

جار هەیە شۆخێكی تورەو

ترسناكیت

جاریش هەیە

نازدارترین دیكتاتۆری!!

## ماچ

وتت بۆ بێ ماچم دەكەی؟

وتم كوا بێ ماچم كردووی؟

كە پێكەوەین

لەجیاتی یەك یەك ماچتكەم

دوو دوو سێ سێ ماچم كردووی..

كە داشدەبڕێین

بە لێوی دڵ ماچت دەكەم،

تەنها ئەم شەو

بەشی عومرێ ماچم كردووی!!

محەمەد کوردۆ:

جیاوازی گەورەی شیعرو سیاسەت لەوە دایە کە زۆرجار سیاسەت پردەکان دەڕووخێنێت و شیعر درووستیان دەکاتەوە.

محەمەد کوردۆ:

*لەساڵی 1984ەوە دەنووسێت و یەکەمین شیعری لەساڵی 1988دا لەپاشکۆی عیراق بڵاوکردووەتەوە.

*لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا شیعرو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وتارو بابەتی وەرگێردراوی بڵاوکردووەتەوە.

*تائێستا (8) کتێبی بەچاپ گەیاندوە.

*ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری هەنارە کە گۆڤارێکی ئەدەبیی هونەریی رووناکبیریی مانگانەیەو (25) ژمارەی لێدەرچووە.

*کتێبە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ:

-1خورپەی ناخ، شیعر 1991.

-2هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش 1992.

-3چرپەی دڵ، شیعر 1998.

-4ئەفسانەی پایز، شیعر 2000.

-5چرپەی ناخ، شیعر 2001.

-6ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە، شیعر 2005.

-7گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2006.

-8لالەزاری وشە، کۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبی 2007.

ئەوەی بووتە جێگەی تێڕوانین لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا، پەیوەندیی نێوان شیعرو سیاسەتە کە پەیوەندییەکی دابڕاوو لەیەکترازاوە، لەکاتێکدا قەڵەمی شیعر لەزەمەنی شیعریی خۆیداو لەشۆڕشی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.. خاوەن مێژووییەکی تایبەت بووە، بۆ خستنەبەرباسی ئەم لایەنە سایتی سەکۆ محەمەد کوردۆی شاعیری دواند:

-شاعیرەکان بە تایبەت ئەوانەی خاوەن ئەزمونی شیعرین، کە بێگومان بەڕێزیشتان یەکێکن لەو خاوەن ئەزمونانە، تا چەند لەگەڵ ئەو رایەدا وێکن کە شیعر تەنها بۆ چێژی ئەدەبی بێت، بە واتا خوێنەر ساتێك ئالودەی دنیای رۆحی بکات و پاشان هیچ ؟

*وەڵام: لە راستییدا شاعیرەکان وەکو یەك بیر لەم مەسەلەیە ناکەنەوەو منیش ناتوانم لەبری ئەوان قسە بکەم. من دەتوانم لێرەدا بە کورتی بیرو رای خۆمتان لەم بارەیەوە پێبڵێم: ناتوانین بڵێین شیعر بەتەنها بۆ چێژی ئەدەبیی دەنوسرێت، بەڵام بێگومان چێژ بەشێکی گەورە لە پەیامی ئەدەبیی پێکدەهێنێت.

دەشێت شیعرێك وێڕای ئەو چێژەی بە روحی خوێنەری دەبەخشێت بتوانێت لەهەمان کاتیشدا یارمەتی گۆڕینی تێگەیشتنی ئەو خوێنەرە بۆ دنیاو بۆ ژیانو بۆ مردنو بۆ خۆشەویستیو بۆ زۆر چەمکی دی بدات.

مادام گۆڕینی دنیا لە گۆڕینی تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە دەستپێیدەکاتو شیعریش یەکێك لەو بوارانەیە کە دەتوانرێت لە رێگایەوە دەسکاری تێگەیشتنو و روانیننی مرۆڤەکان بکرێت، یانی شیعر بۆی هەیە وێڕای ئەو چێژەی بە روحی مرۆڤەکانی دەبەخشێت، لە گۆڕینی دنیاشدا یارمەتی گەورەیان بدات. بەڵام دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت کە شیعر لەوە گەورەترە مرۆ بتوانێت لە هیچ خاڵێکدا کورتی بکاتەوەو قەتیسی بکاتو لە هەموو بەهاو رۆڵێکی دیکەی بەتاڵ بکاتەوە. هەر هەوڵدانێك بۆ کورتکردنەوەی شیعر لە هەر شتێکدا، هەوڵدانە بۆ کوشتنی. مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەڵێ چێژ لە هەموو کارێکی ئەدەبییدا گرنگەو بەهای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بێگومان هەرگیز چێژ یەکەمینو دواهەمینو تاکە بەهای ئەدەب نییە.

-سەردەمانێك ، پیرەمێرد، ئیبراهم ئەحمەد، بێکەس، گۆران، شێخ نوری،.... شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت..... تاد بە شیعر بەرەو شیعرستانیان دەبردین، بەرەو شوێنگەلێك پڕ لە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی، لێوانلێو لە هەوای ئازادی، لە مۆسیقا.. لە عیشقی نیشتمان... لە ئێستادا کە مێژوو بە جۆرێکی دیکە خۆی دوبارە دەکاتەوەو میللەت دەستەپاچەی خۆزگەکانێتی، شیعر لە گەڕانەوەی ساتە جوانەکاندا چ رۆڵێکی نەبووە، پێتوایە هۆکاری ئەم دۆخە بۆ بێهودەیی شیعر دەگەڕێتەوە؟ یاخود شاعیران لە ئێستادا دەیانەوێت شیعر بۆ شیعر بێت نە شتێکی دیکە؟

*وەڵام: بە بڕوای من ئێستاش شیعر رۆڵی خۆی هەیەو لە ئایندەشدا دەیبێت. ئەوەی گۆڕاوەو دەگۆڕێت ئەوە نییە شیعر رۆڵی نەمابێت، بەڵکو ئەوەیە کە رۆڵی شیعر گۆڕاوەو بە جۆرێکی دی چۆتە نێو خەڵکو نێو ژیانیانەوە. ئەوە بۆچوونێکی دروست نییە ئێمە هەوڵبدەین شێوەیەك لە شێوەکانی رۆڵبینینی شیعر، یان سەردەمێك لەسەردەمەکانی درەوشانەوەی رۆڵی شیعر بکەین بە پێوانەو هەموو سەردەمەکانی دی بەو شێوەیەو بەبەراوورد لەگەڵ ئەودا هەڵبسەنگێنین، وەك چۆن هەموو سەردەمێك خەڵکی خۆیو خەمی خۆی و خەونی خۆی هەیە، هەموو سەردەمێکیش شیعری خۆی هەیە. کاتێ لەسەردەمێکدا شیعر ناچار دەبێت رۆڵی تفەنگ ببینێت، ئیدی ئەمە نابێت بە میراتی هەتاهەتایی شیعرو شیعر بۆ ئەبەد رەنگی تفەنگ ناگرێت.

ئێستا شیعر بە جۆرێکی دی شەڕ دەکات، ئێستا شەڕی شیعر لە پێناوی فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری رووبەرەکانی جوانییە لەبەرامبەر رووبەرەکانی ناشیرینییدا، شەڕی شیعر

ئێستا شەڕی ژیانە لەگەڵ مردندا، ئەگەر ئەو رۆژگارە شیعر هەوڵیدەدا مرۆڤەکان دڵڕەقو بێسۆزو نامیهرەبان بن بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو بارودۆخانە بگرن، ئێستا شیعر هەوڵدەدات مرۆڤەکان دڵنەرمو پڕ سۆزو میهرەبان بن تاکو بتوانن لەگەڵ ژیانی نوێدا بگونجێن. شیعری ئەو رۆژگارە هەوڵی دەدا مرۆڤ لە خۆی دووربخاتەوەو لە ناو کێشە گشتییەکاندا ونی بکات، کەچی شیعری ئێستا هەوڵدەدات مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆیو لەگەڵ خەونەکانی خۆیدا ئاشتیبکاتەوە. ئەو رۆڵەی ئێستا شیعر دەیبینێت نەك لەو رۆڵە کەمتر نییە کە پێشتر بینیویەتی بگرە ئەوەی ئێستا رۆڵێکی زۆر جەوهەرییترو گرنگترو راستەقینەترە. دەشێت رۆژێك بێت ئێمە نەك خۆزگە بۆ ئەو رۆژگارانەی شیعری کوردی نەخوازین کە لای هەندێکمان بە رۆژگاری زێڕین ناسراون، بگرە رەخنەی زۆر قووڵیان لێبگرین کە بەهۆی نائاسایی بارو دۆخەکەوە نەیانپەرژاوە یارمەتی مرۆڤی ئێمە بدەن ئاوڕ لە خۆی بداتەوەو چاوی لەخۆی بێتو رازی نەبێت بە بێنازیی بژی.

-ئایا سیاسەت و شیعر لە چیدا یەکانگیر دەبن، یان بڵێین پێوەرێك هەیە بۆ کەسێتی شاعیر کە لە کەسێتییەکانی دیکە بە تایبەت سیاسەتمەدار جیادەکاتەوە، پێتوایە لەمڕۆدا شاعیری دەربار چ بەهایەکی هەیەو ئەکرێت لەو پێوەرە بەدەربێت کە کەسێتی شاعیری پێدەناسرێتەوە؟

*وەڵام: شیعرو سیاسەت دوو دنیای تەواو جیاوزن لەیەکدی، رەنگە بتوانین بڵێین دیارترین جیاوازی لە نێوانی سیاسەتو شیعردا ئەوەیە کە سیاسەت زۆرجار پردەکان دەروخێنێتو شیعر دروستیان دەکاتەوە، سیاسەت زۆرجار مرۆڤ لە خۆیو لە نیشتمان نامۆ دەکاتو شیعر ئاشتی دەکاتەوە، سیاسەت بەتایبەت بەو جۆرەی کە لەم وڵاتانەی خۆمان هەیە، بەزۆری هۆکاری ماڵوێرانیو کارەساتو خوێنڕشتنو بەدوژمنکردنی مرۆڤەکان بووە لەگەڵ یەکدیدا، هۆکاری نادڵنیاییو بێمتمانەییو خەوی ناخۆش ناخۆش بووە. بەڵام شیعر بە پێچەوانەوە هەوڵیداوە مرۆڤ لەگەڵ خۆیو لەگەڵ شتەکاندا ئاشتبکاتەوەو دڵنیایی بە ژیانو بە مرۆڤەکان ببەخشێت. سیاسەت لە زۆرباردا بە ناوی جوانکردنی دنیاوە دنیا ناشیرینتر دەکات، بەڵام شیعر بە راستی دنیا جوان دەکات. هەر بەم مانایەیە کە شاملو وتویەتی شیعرو سیاسەت رێك لەسەر تەرمی یەکدی پێکدەگەن. بێگومان ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە شیعر دەست بۆ سیاسەت نەبات، بەڵکو بەو مانایەیە کە شیعر لە سیاسەت باڵاترو جوانترو مرۆڤانەترەو ناکرێت دابەزێتە ئاستی سیاسەتەوە یان ببێت بە پاشکۆی سیاسەت. لە راستییدا شاعیری دەربار لە هیچ سەردەمێکدا بەهای راستەقینەی نەبووەو نابێت، چونکە شاعیری دەربار کەسێکە کە بەهاکانی خۆی بە پارەو دەسەڵاتو پلەو پایە گۆڕیوەتەوە.

-محەمەد کوردۆ وەك شاعرێك چی بەو گەنجانە دەڵێت کە لە سەرەتای ئەزمونێکی سەرەتایدان و منداڵی کوردستانێکی زامدارن؟

*وەڵام: بەو گەنجانە دەڵێم نوسین یەکێك لە دروستترین رێگاکانی رزگاریی مرۆڤەو دەتوانێت باشترین دەرمانی وڵاتە بریندارەکەتان بێت، بە گەرمی دەستتان دەگوشمو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازمو تەمەننا دەکەم بە عەشقێکی قوڵەوە بنوسنو بەرچاوتان روون بێتو هەرگیز گومانتان لە گەورەییو رۆڵی نوسینی راستەقینە نەبێتو هیچ هێزێك نەتوانێت ساردتان بکاتەوە.

*ئەم دیدارە لەلایەن رۆژنامەی (سۆڵیدارێتی خوێندکاران)ەوە ئامادەکراوەو لە ژمارە (73)ی هەمان رۆژنامەدا، بڵاوکراوەتەوە.

شاعیرێك لێوانلێو لەخەمی

نیشتمان و جوانیی وشە

محەمەد کوردۆ یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی نێو دنیای شیعر، کە ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە لەرێگەی وشەکانییەوە خەمی مرۆڤ و جوانیو میللەتو نیشتمانی لەکۆڵ ناوە.

کوردۆ بەزمانێك دەنوسێت کە خەمی خۆیو نیشتمانو خۆشەویستی سەرجەم مرۆڤایەتی لەدوو توێی وشەکانییدا رەنگبدەنەوە.

ئەو دەیەوێت لەرێی شیعرەکانییەوە پێمان بڵێت: شیعر دەریایەکە لەجوانیو هێمنی دەبەخشێتە مرۆڤ.

کوردۆ لە ساڵی (1988)ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوە کردووەو خاوەنی 8 کتێبی چاپکراوەو سێ کتێبیشی ئامادەن بۆ چاپ. ئێستا سەرنوسەری گۆڤاری (هەنار)ە کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیی هونەریی روناکبیرییەو 29 ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە.

***

زنار: دەڵێن زۆرجاران شاعیرەکان کەدەنوسن ئەوەندە باکگراوندی فکرییو قوڵ بەشیعرەکانییانەوە دیارنییە، جگە لەچەند وشەیەکی سادەو ساکار، ئایا ئەمە راستە؟

کوردۆ: پرسیارەکەت زۆر شمولییەو مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بەیەکەوە قسە لەسەر هەموو شاعیرەکان بکات. بەڵێ ئێمەش وەك هەموو میلەتانی دیکەی دنیا شاعیرمان هەیە هیچ باکگراوندێکی فکریی نییە. بەڵام شاعیریشمان هەیە خاوەنی باکگراوندێکی فکریی قوڵە. قسەکردن نەك لەسەر ئەزمونی هەموو شاعیران، بگرە لەسەر ئەزمونی یەك شاعیریش بە شێوەیەکی گشتیی، ئاسان نییە. چونکە هەرگیز هەموو شیعرەکان وەکو یەك نیین تاکو وەکو یەك قسەیان لەسەر بکەین. ئەگەرچی کەسێکی وەکو ئەدۆنیس هەبوونی فکر لە شیعردا بە پێویستییەکی سەرەکیی دەزانێت، بەڵام بەبڕوای من مەرجی سەرەکیی شیعر بەر لەهەر شتێكو دوای هەر شتێکیش شیعرییەتە، ئیدی دەکرێت ئەو شیعرییەتە لە فکر بەرهەمهێنرابێتو دەشکرێت لەدەرەوەی فکر بەرهەمهێنرابێت. دەکرێت لەدەقێکی سادەدا بەرهەمهاتبێتو دەشکرێت لە دەقێکی ئاڵۆزدا بەرهەمهاتبێت.

زنار: تۆ لەم نێوەندەدا بەشاعیر ناسراویت، کەچی جارجار لێکۆڵینەوەش دەنوسیت، ئەمە بۆچی؟

کوردۆ: من بەشیعر دەستمپێکردووەو بەردەوامیشم لەسەر شیعرنوسینو شیعریشم لەهەموو شتێك زیاتر خۆشدەوێت. بەڵام دەکرێت بپرسین: مرۆڤ بۆچی دەنوسێت؟ رەنگە ئەم پرسیارە لای هەر کەسە وەڵامێکی هەبێتو هەر کەسە بۆ شتێك یان بۆ چەند شتێك بنوسێت. من بۆ خۆم نوسین وەکو رێگایەك دەبینم کە دەتوانێت مرۆڤ لە دوو ئامانجی گەورە نزیکباخەتەوە، یان هیچ نەبێت وابزانێت لەو دوو ئامانجەی نزیك دەخاتەوە. ئامانجی یەکەم بەجوانییەو ئامانجی دووەمیش دۆزینەوەی مانایەکە بۆ ژیانو بۆ بەردەوامبوونی ژیان. بێگومان نە گەیشتن بەجوانی تەنها لەرێگای شیعرەوە دەبێتو نە دۆزینەوەی مانایەکیش بۆ ژیان تەنها لە رێگای شیعرەوە بە ئەنجام دەگات. من بڕوام بەپسپۆڕێتییو خۆتەرخانکردن بۆ بوارێکی دیاریکراو هەیە، بەڵام بڕوام بەوەش هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لەرێگایەك زیاتر بەکاربهێنێت. من وەکچۆن دەتوانم لەرێگای شیعرێکەوە هەست بەجوانی بکەمو خەون بە مانایەکەوە ببینم بۆ ژیان، هەر ئاوهاش دەتوانم لەرێگای قسەکردن، یان نوسین لەسەر شیعرێك، چیرۆکێك، رۆمانێکەوە، هەمان هەستم هەبێتو هەمان خەون ببینم. دواجار ئەو لێکۆڵینەوەیەش کە دەینوسم بۆ خۆی دەقێکە، رەنگە جیاوازییە گەورەکەی ئەوە بێت کە ئەمیان لەرێگای دەقێکی دیکەوە دێتەبوون. وەکچۆن دەق جوانیی خۆی هەیە، هەر ئاوها نوسینیش لەسەر دەق، جوانیی خۆی هەیە. پاڵنەرێکی گەورە لەوەدا کە من لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی دەنوسم، ئەوەیە کە دوای هەر لێکۆڵینەوەیەك هەستدەکەم ئەو دەقەی لەسەرم نوسیوە بووە بەبەشێك لە منو منیش بووم بەبەشێك لەو. من ئێستا بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتو لاوکی هەڵەبجەی رەفیق سابیرو لەغوربەتای حەمە عومەر عوسمانو غەزەلنوسی بەختیار عەلیو زۆر دەقی دیکەش کە لەسەرم نوسیون، بە بەشێك لەخۆمو خۆشم بەبەشێك لەوان دەزانم. ئەمەش بەراستی هەستێکی خۆشو پڕ لەچێژو پڕ لەجوانییە. زۆر خۆشە مرۆڤ رێگایەك بدۆزێتەوە بیکات بەبەشێك لە جوانییەکانو جوانییەکانیش بکات بەبەشێك لەو. پاشان من بڕوام وایە کە پسپۆڕێتیی گرنگە، بەڵام لەو گرنگتر ئەوەیە هەر کەسێکمان باشی نوسی دەستخۆشی لێبکەینو خراپی نوسی پێیبڵێین راوەستە خراپت نوسی. مەبەستم ئەوەیە کارێك بکەین نوسین سەنگی مەحەك بێت، نەك ئەوەی من خۆم چ کارەمو لەسەر چیم نوسیوە.

زنار: شیعرەکانت لەرووی رەخنەوە، کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، ئایا شیعرەکانت دەنگدانەوەیان نەبووە، یان قەڵەمی هاوڕێیەتی زیاتر دەور دەبینێت؟

کوردۆ: نامیلکەی یەکەمم کە ساڵی 1991 بە ناونیشانی (خورپەی ناخ)، بڵاوبۆوەو یەکەمین نامیلکەی بەرباخەڵ بوو لە شیعری کوردییداو چەند مایکرۆ شیعرێکی لەخۆگرتبوو، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. دەستخۆشییەکی زۆرم لێکراو زۆربەی ئەو کەسانەی بینییان لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە شتێکی تایبەتو جیاوازە. دەتوانم چەند ناوێکت لەو کەسانە پێبڵێم: لەتیف هەڵمەت لە کۆڕێکدا نامیلکەکەی لەگیرفانی دەرهێناو وتی: من ئەم نامیلکەیەم لەبەرگ گرتووەو بەیەکێك لە نامیلکە جوانەکانی شیعری کوردی دەزانم. دوای ئەوە یەك دوو شیعری لێکرد بەعەرەبیو لە خەباتدا بڵاویکردەوە، لەم دواییانەشدا وتارێکی لەسەر نوسیو لە بانەڕۆژدا بڵاویکردەوە. کەمال غەمبار وتارێکی لەشێوەی نامەیەکدا لەسەر نوسیو لە

گەلاوێژی نوێدا بڵاویکردەوە. تیایدا نوسیبووی: ((بەر لەخوێندنەوەی هۆنراوەکانت، ئەم هەنگاوەت کە بەمجۆرە نامیلکەشیعری بەرباخەڵت خستۆتە بەردەم خوێنەر ، کارێکی داهێنەرانەو دەسپێشخەرییەکی باشە. تۆ لە ڕێگەی ئەم نامیلکەیەدا وەك شاعیرێکی لێهاتوو رەگی شیعرەکانت بەخاکی شیعری کوردییدا رۆدەچن)). زایەر رۆژبەیانی لەدیدارێکی هەفتەنامەی (پرس)دا وتی: ((کوردۆ هەر لەسەرەتاوە داهێنەر بوو، شیعری کورتی برەو پێدا)). عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی چوار کۆپلەی لەو مایکرۆ شیعرانە کردووە بە عەرەبیو لە ئەنتۆلۆگیای شیعری نوێی کوردییدا بڵاویکردۆتەوە. ئازاد عەبدلواحیدو رەفیق سابیرو حەمە کەریم عارفو حەمە عومەر عوسمانو قوبادی جەلیزادەو ئەرخەوانو جەلیل کاکەوەیسو رۆژ هەڵەبجەییو رەنج سەنگاویو دەیان شاعیرو نوسەری دیکە ئیعجابی خۆیان بۆ ئەو شیعرانە بۆ دەربڕیووم. دواتریش زۆر کەس لەسەر شیعری منیان نوسیووە، لەوانە: لەتیف هەڵمەت، جگە لەوەی لەسەر خورپەی ناخو چرپەی دڵی نوسی، لەسەر ئەفسانەی پایزیشی نوسی. لەتیف فاتیح فەرەج، حەمە کاکەڕەش، رۆژ هەڵەبجەیی، سیروان ناشاد، سمکۆ محەمەد، عەبدوڵا مەحمود، ئەنوەر حوسێن، ئەسعەدی لوڕی زادە، ئامانج شارباژێڕیو...هتد. بێگومان مەرجیش نییە هەموو شیعرێك، یان هەموو دیوانێك، لەکاتی خۆیدا لەسەری بنوسرێت. زۆرجار رووددات شیعرێك، یان دیوانێك چەندین ساڵ بەسەربڵاوبوونەوەی خۆیو بەسەر مردنی خاوەنەکەشیدا تێدەپەڕێت، ئینجا لەسەری دەنوسرێتو هەوڵی دەرخستنی پێکهاتەو جوانییەکانی دەدرێت. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا راستگۆ بێتو بەر لەهەر کەسێکی دی خۆی بڕوای بەکارەکانی خۆی هەبێتو بزانێت چی دەکات.

زنار: ئەگەر شیعرێکت نوسیو تیایدا پاڵەوانێکت دروستکرد دەیبەخشیتە کێ؟

کوردۆ: ئەگەر پاڵەوانەکە ژنێکی جوان بوو دەیبەخشمە خۆمو ئەو وتەیە بیری خۆم دەهێنمەوە کە دەڵێت: ((پیاو دەتوانێت ژنێکی جوان لە هەموو پیاوەکانی دنیا بپارێزێت، لە خۆی نەبێت)). ئەگەر ژنێکی جوانیش نەبوو ئەوە دروستی ناکەم.

زنار: بەم دواییانە زیاتر چالاکیتو زیاتر دەنوسیتو بڵاودەکەیتەوە، هەست ناکەیت ئەمە گۆڕانێکە لەرووی هەستو هۆشو فکرتەوە؟

کوردۆ: بێگومان دەبێت بگۆڕێین، بەڵام گۆڕان پەیوەندی بەچالاکی زیاترو بە نوسینو بڵاوکردنەوەی زیاترەوە نییە. من وەکو خۆم هەرگیز ئەوەم بۆ گرنگ نەبووە زۆر دەنوسم یان کەم، ئەوەم بۆ گرنگ بووە چی دەنوسمو چۆنی دەنوسم. دواجاریش ئەوەی بڕیار لەسەر رادەو ئاستی گۆڕانی ئێمە دەدات، خۆمان نیین، بەڵکو خەڵكو مێژوون.

زنار: گەنجەکان پانتاییەکی گەورەیان لەم نێوەندەدا داگیرکردووە، ئایا توانیویانە رەوتی ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە ببەن؟

کوردۆ: ئەم پرسیارەش دیسان زۆر شمولییەو گەنجەکان هەموو یەك ئاستیان نییەو بە یەك شێوە نانوسن، تاکو بەیەکەوە قسە لەبارەی هەموویانەوە بکەین. بەڵێ دەبێت بتوانن ئەم ئەدەبە بەرەو پێشەوە ببەن، ئەگینا ناتوانین بڵێین ئەدەبی کوردی لەشساخو زیندووە. پێویستە هەمیشە

گەنجەکان هێزی گەورەو بزوێنەری هەموو بوارەکان بن‌و هەوڵبدەن وەکچۆن خوێنی خۆیان قوڵپیدەدات خوێنی کارو بەرهەمەکانیشیان بە هەمانشێوە قوڵپبدات.

*ئەم دیدارە لەلایەن ڕێبوار محەمەد یوسفەوە ئامادەکراوەو لەژمارە (20)ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی:

ئەم شیعرانە بەرهەمی چەند ساڵێکی جیاجیان، کە لەکۆتایی نەوەدەکانەوە دەستپێدەکەن‌و لە 2008دا تەواو دەبن، بەشێکی زۆریان پێشتر لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوەو بەشێکیشیان بۆ یەکەمجار لەم نامیلکەیەدا بڵاو دەبنەوە.

ئەم شیعرانەش: (نیشتمان، نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم، وێنەکانی ناو چاوم، ژێربوونەوە، دار، جاران/ ئێستا، رۆژی حەشر، خەوی مەرگ، ناو، دیکتاتۆر)، لە دیوانی (ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە)دا بڵاوکراونەتەوە کە ساڵی 2005 چاپکراوە.

کتێبە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ:

1-خورپەی ناخ، نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ، 1991.

2-هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش، 1992.

3-چرپەی دڵ، نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ، 1998.

4-ئەفسانەی پایز، شیعر، 2000.

5-چرپەی ناخ، شیعر، 2001.

6-ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە، شیعر 200،5.

7-گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، 2006.

8-لالەزاری وشە، کۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبیی، 2007.

9-لەئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکان/ هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی لاوکی هەڵەبجەی رەفیق سابیر، لێکۆڵینەوە، 2008.